سیستەمی یاسایی ئێران بە گوێرەی حکومەتی یاسای مەدەنیی هاوشێوەی حکومەتی فەڕەنسە بنیات نراوە. سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتییە لە زانایانی ڕێبەری، ڕێبەری ئێران (وەلی فەقێ) و هێزی جێبەجێکار (دەوڵەت)، هێزی یاسادانەر (مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و شۆڕای نگابان) و دەزگای داد.

بە گوێرەی یاسای ئێران، هاوڕەگەزخوازی نایاسابیە. ڕیشەی یاسای سزای ئێران دەچێتەوە سەر شیکارییەک لە ئایینی ئیسلام کە هۆگریی بۆ پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕەگەز وەک دۆخێکی هەمیشەیی قبووڵ ناکات. بە گوێرەی یاساکانی ئێران کە بە پێی شەریعەتی ئیسلامن، هاوڕەگەزخوازی نایاساییە و سزای سەد قەمچی هەتا سێدارەی لێ دەکەوێتەوە. لە نەبوونی بەڵگەکانی دیکە، «دانپێدانان» سزای سی و یەک هەتا 70 قەمچی بە دواوەیە؛ بەڵام دانپێدانانێک کە «چوار جار دووپات ببێتەوە» وەک بەڵگەی تاوان سەیر دەکرێ کە سزاکەشی سەد قەمچی یان سێدارەیە. هەڵبەت هەندێ کەس لەوانەیە لە ژێر ئەشکەنجەدا دان بە کردەوەکەیان دابنێن کە ئەم دانپێدانانە لە ڕووی یاساییەوە جێی مشتومڕە، چوونکە لە مادەی 241 یاسای سزای ئیسلامی هاتووە کە لە ئەگەری نەبوونی بەڵگە بۆ سەلماندنی یاسایی ڕوودانی تاوانی داوێنپیسی و نکۆڵی‌کردنی تۆمەتبار هەرچەشنە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیەک بۆ دۆزینەوەی کاروباری شاراوە و نەبینراو قەدەغەیە. بە گوێرەی یاسای سزای ئیسلامیی ئێران کە لە ساڵانی 2012 هەتا 2013 پێداچوونەوەی بۆ کرا، یاساکانی پەیوەست بە هاوڕەگەزخوازی کەمێ گۆڕانیان بە سەر هات. ئەم کەمە گۆڕانە تەنیا بکەری دەگرتەوە و بکەر تەنیا لە حاڵەتێکدا دەستدرێژی کردبێتە سەر بەرکار یان بەر لە پەیوەندیی سێکسیی هاوڕەگەزخوازانە هاوسەرگیری کردبێ و لەگەڵ ژنی خۆی سێکسی کردبێ، لە سێدارە دەدرێت. هەروەها بارودۆخێکی دیکە کە مەترسیی سێدارەی بۆ کەسی بکەر هەیە، ناموسڵمانبوونی بکەر و موسڵمانبوونی بەرکارە کە لەم حاڵەتەدا بە پێی ڕوونکاریی 1 مادەی ٢٣٣ ئەم پرۆژە یاسایە، فەرمانی سێدارە بۆ کەسی بکەر دەردەکرێت. ئەم یاسایانە و پێداگریی دووبارەی یاسادانەر لە سەر پرۆژە یاسای نوێی سزای ئیسلامی لە کاتێکدایە کە هەندێ لە بەرپرسانی ئێرانی حاشا لە بوونی هاوڕەگەزخوازان لە ئێران دەکەن و لە زۆربەی ئەو ئێعدامانەی کە بە هۆی پەیوەندیی سێکسیی هاوڕەگەزخوازییەوە ئەنجام دەدرێ، تاوانی ئەم کەسانە «لواط بە عنف» ــ کە بە واتای دەستدرێژییە ــ ڕادەگەیێندرێ و وەک فەرراز سانعی، توێژەری ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، دەڵێ: «لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ هەتا ٢٠١٠ زایینی، هیچ‌کەس «بە تەنیا بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی» لە سێدارە نەدراوە.»

یاسای کۆنی سزای ئیسلامی پێی وابوو هیچ کەسێک نییە کە لە سەرتاسەری تەمەنیدا ، لە کانگای دڵەوە هەست بکا کە هەمیشە هاوڕەگەزخوازە و هۆگریی سۆزداری و سێکسی ب هاوڕەگەزی خۆی هەیە، بەڵکوو کەسانێک هەن کە بە هۆکاری نەڕوون و کاتی لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان ڕوو دەکەنە سێکسی تاوانبارانە و لادەرانەی نێربازی یان موساحەقە. لە ڕاستیدا تێگەیشتنی یاسای کۆنی سزای ئیسلامی لە کەسی هاوڕەگەزخواز هەمان کەسی ئەنجامدەرە و لەم ڕووەوە لە یاسای کۆنی سزای ئیسلامی گۆڕانێکی گرنگ ڕووی داوە، زیادکردنی مادەیەک کە دەڵێ: «هاوڕەگەزخوازیی مرۆڤی نێر جگە لە نێربازی و تەفخیز (تێکەڵبوون) ماچ‌کردن و دەست لێدان لە ڕووی

Jones, Susan R, Vasti Torres, and Jan Arminio.(2013). *Negotiating the Complexities of Qualitative Research in Higher Education: Fundamental Elements and Issues*. Routledge;

Whitaker, Brian. (2011). *Unspeakable Love: Gay and Lesbian Life in the Middle East*. Saqi.

Strauss & Corbin (20011) The world we see: A study on LGBTQ in Asia, Tauris publishing, USA, LA , p. 102.

Corbin, J.; Strauss, A. (2008). *Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory*. Thousand Oaks: Sage Publications , p. 116.

Corbin, J.; Strauss, A. (2008). *Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory*. Thousand Oaks: Sage Publications, p. 116.

Corbin, J.; Strauss, A. (2008). *Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory*. Thousand Oaks: Sage Publications, p. 143.

Corbin, J.; Strauss, A. (2008). *Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory*. Thousand Oaks: Sage Publications, p. 146.

Denied Identity: Human Rights Abuses Against Iran's LGBT, from www.iranhrdc.org/english/publications/reports/1000000398.

Difference between Traditional and Modern Society, from www.yourarticlelibrary.com›Society.

Between Religion and Desire: Being Muslim and Gay in Indonesia, from www.sjsu.edu/…/courses/soci172/s0/10GayMuslim.pdf.

